Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# یارمەتیدانی کەمئەندامی بۆ ئەو منداڵانەی کە تووشی نەخۆشیی خراپ بوون

بڕە پارەی کەمئەندامی Child Disability Payment منداڵ پشتگیری دارایی بۆ کەسێک فەراهەم دەکات کە سەرپەرشتی منداڵێک بکات کە تەمەنی لە 16 ساڵ کەمتر بێت و نەخۆشییەکی کوشندەی تێدا دەستنیشان کرابێت. دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ـەکە بەردەستە بەبێ گوێدان بەوەی کە چەندە لەمەوبەر منداڵەکەیان نەخۆشییەکەی تێدا دەستنیشان کراوە یان ماوەی چاوەڕوانکراوی مانەوەی منداڵەکە لە ژیاندا چەندە.

بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵ لە 2 بەش پێکهاتووە: بەشی سەرپەرشتی و بەشی توانای بزووتن.

بەشی توانای جوڵە لە بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵ تەنها بۆ ئەو منداڵانە بەردەستە کە تەمەنیان 3 ساڵ و بەرزترە.

**چۆن داوا پێشکەش دەکەیت**

ئێمە هەر ئەمانەمان دەوێت:

- فۆڕمێکی کورتکراوەی داوانامەی پارەپێدانی کەمئەندامی منداڵ کە تەنها داوای زانیاری بنەڕەتی دەکات
- پشتڕاستکردنەوەی دەستنیشانکردنی نەخۆشی لە منداڵەکەدا لە دوکتۆر یان پەرستارێکی تۆمارکراوەوە کە سەروساختی لەگەڵ سەرپەرشتیکردن یان دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەیدا هەبێت

ئەو فۆڕمەی کە دوکتۆر یان پەرستارەکە دەبێت پڕی بکەنەوە و بیگێرنەوە بۆ ئێمە هەڵسەنگاندنی دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـە بەگوێرەی فۆڕمی ڕێسا تایبەتەکان (BASRiS) بۆئەوەی زانیاریمان بدەنێ سەبارەت بە نەخۆشییە کوشندەکەیان. ئەوە بوار بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت بۆئەوەی داوانامەکەیان بە خێرایی بەرەوپێش بەرین. کەسێک دەتوانێت داوایان لێ بکات بۆ پێشکەشکردنی ئەو فۆڕمە بە ئێمە یان داوا لە ئێمە بکات بۆئەوەی داخوازی ئەو فۆڕمە لەوان بکەین.

ئەگەر دوکتۆر یان خاوەنپیشەی سەرپەرشتی تەندروستی ئەوان فۆڕمێکی DS1500 یان فۆڕمێکی SR1 ی لەبری ئەوە پڕکردبێتەوە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند ئەوە پەسەند دەکات.

**کاتێک ئێمە داوانامەیەکمان بەدەست دەگات**

یەکسەر دوای ئەوەی کە داوانامەیەک بە سەرکەوتوویی پڕ دەکرێتەوە:

- ئەو کەسە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرزترین بەخشینی سەرپەرشتی وەردەگرێت
- ئەو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرزترین ڕێژەی توانای بزووتن وەردەگرێت ئەگەر منداڵەکە تەمەنی 3 ساڵ یان زیاتر بێت
- بەخشینەکەی بەردەوام دەبێت بەبێ ئەوەی کە پێویست بە پێداچوونەوە بکات
- بەخشینەکەی لەو ڕێکەوتەوە ئەژمێر دەکرێت کە داوانامەکەتمان بەدەست دەگات یان لەو ڕێکەوتەوە کە نەخۆشییە کوشندەکە دەستنیشان دەکرێت، هەر کامێکیان زووتر بێت.

**ئایا ئەمە چەندە دەخایەنێت؟**

داوانامەکە بەخێرایی بەرەوپێش دەبرێت و لەلایەن ئەو ستافانەی ئێمەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە بەتایبەت ڕاهێنانیان پێ کراوە. ئێمە نامەیەک لەگەڵ بڕیارەکەمان دەنێرین.

mygov.scot/childdisability

پەڕەی زانیاری

**وەرگرتنی بیروڕایەکی دووەم سەبارەت بە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەک**

کەسێک دەتوانێت هەوڵی بەدەستهێنانی بیروڕایەکەی دووەم ئەگەر لەگەڵ ئەو بیروڕا کلینیکییە هاوڕا نەبێت کە مناڵەکە نەخۆشیی کوشندەی نییە. زانیاری زیاتر بەدەست بهێنە دەربارەی پەیماننامەی ماف و بەرپرسیارێتییەکانی نەخۆش لەڕێگەی ڕۆیشتنە سەر mygov.scot و گەڕان بۆ مافەکانی نەخۆش.

**کەسێک چۆن دەتوانێت زانیاری زیاتری دەستگیر ببێت و داوا پێشکەش بکات؟**

ئەوان دەتوانن زانیاری زیاتر بەدەست بهێنن و لەسەر ئینتەرنێت داوا پێشکەش بکەن لە **mygov.scot/benefits**. ئەوان هەروەها دەتوانن بەشێوەی کەسی یان لەسەر تەلەفون داوا پێشکەش بکەن یان داوای داوانامەیەکی وەرەقە بکەن بە پۆست لەڕێگەی تەلەفونکردنەوە بەبێ بەرامبەر بۆ **0800 182 2222**

خەڵکێکی زۆر خەمی تێچووی ژیانیانە. تۆ بەتەنها نیت. بۆئەوەی بزانیت تۆ دەشێت بۆ چ یارمەتییەک شیاو بیت، تکایە سەردانی ئێرە بکە **gov.scot/costoflivingsupport** یان سەردانی ستیزن ئەدڤایس Citizens Advice Bureau بیرۆی ناوچەکەت بکە.

**خەڵک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟**

بەبێ بەرامبەر تەلەفونمان بۆ بکە: 0800 182 2222

خزمەتگوزاری ناردنی نامە: 4000 244 0300+ 18001 (بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی ئاماژەی بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot

فۆلۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند
Social Securityبکە Scotland